# شاری راگەیاندن....
## شاکارێکی شارستانی و ئابووری و کەلتووری ★



اومید محمد صالح




زۆرن ئەو هۆکارانەی بوونەتە مایەی دروستکردنی شارەزایی و لێک نزیک بوونەوەی کەلتووری گەلان و تێکەڵاوی و سوود لەیەکتر وەرگرتن، بۆ نموونە کەسانی وەکو(کۆڵۆمبس)و(گاریبالدی) ..... بە دۆزینەوەی کیشوەر و ناوچەکان، وایانکرد کە شوێن و وڵاتانی تر بە شوێنەکانی تری جیهان ئاشنا بکەن.

تەنانەت هەندێک فاکتەری سەلبیش هەمان ئامانجیان پێکا، هەر بۆ نموونە شەرو شۆرو داگیرکردنیش وایکرد گەلان ئاشنایەتی لەگەڵ یەکتری پەیدابکەن و بۆ یەکتر لە بواری کەلتوری و ئابوری و شارستانی سوودبەخش بن.

بەڵام هیچ فاکتەرێک بەقەد گەیاندن نەیانتوانیوە گەلانی جیهان لەیەک نزیک بکاتەوەو بەیەکیان ئاشنا بکات، بۆ نموونە ساڵانە بە هەزاران کورکچ لە نەتەوەو گەلانی جیاجیا بەرێگای ئەنتەرنێت ژیانی هاوسەری بەیەکەوە دەنێن، ئێستا لە رێگای نامەو گفتوگۆ و پەیوەندی ئینتەرنێتی و بەرێگای تەلەفۆن، هەواڵی دوورترین خزم و دۆست و ناسیاو برادەرت دەزانیت و پەیوەندییان پێوەدەکەیت.

هەر لەرێگای ئینتەرنێتەوە دەتوانیت دوا هەواڵ و گۆرانکاری و پەرتووکی تازە چاپکراو و بەدەیان و سەدان بواری تر بخوێنیتەوەو ببینیت.

هەر لەرێگای هۆیەکانی گەیاندنەوە دەتوانیت دوا زانیاری ئەستێرەی سوور(مەریخ)بزانیت، ئەمەو سەرەرای دەیان و دەیان خزمەتگوزاری تر کە هۆیەکانی گەیاندن پێشکەشی مرۆڤایەتیان کردووە دەکەن، کەلێرەدا جێگای باس نیە.

لەگەڵ ئەم هەموو دەستکەوتانە کەخۆی لەخۆیدا شۆرشێکی گەورەیە

لە ژیانی گەلان، زۆربەی وڵاتان شاری ڕاگەیاندنیان دروستکردووە بۆ ئەوەی والەم بوارە بکەن ببێتە شاکارێکی شارستانی و کەلتووری بۆ وڵاتەکانیان ، هەروەها سەرچاوەیەکی گرنگی بەدەستهێنانی داهاتیش بێت.
هەر لەم ڕوانگەیەوە زۆربەی وڵاتان هەڵساون بە دروستکردنی شاری ڕاگەیاندن .
لەبەرئەوەی ئەم شاکارە بە کۆمەڵگای ئێمە نامۆیە چونکە ئەو عێراقەی لەساڵی(1869)ە ئاشنایی ڕۆژنامەو گۆڤارە و یەکەم وڵاتی عەرەبی بووە کە لەساڵی(1956)وێستگەی تەلەفزیۆنی بەگەڕخستووە و کەوتۆتە ئیش، کەچی بەداخەوە تاوەکو ئێستا خاوەنی شاری ڕاگەیاندن نیە و تەنانەت دواکەوتووترین وڵاتی ناوچەکەش واچەند ساڵێکە ئەم شاکارەی دروست کردووە.
بۆ ئەوی خوێنەر تارادەیک ئاشنایەتی لەگەڵ شاری ڕاگەیاندن پەیدابکات وا لەخوارەوە دوو نموونەی وڵاتانی میسرو ئیمارات بەکورتی باسی لێوەدەکەم.

- میسر -

میسر وەکو وڵاتێکی خاوەن شارستانیەت و ناوێکی دیاری مێژوو، پتر لە دووسەد ساڵە ئاشنای ڕاگەیاندنە و یەکەم یاسای چاپەمەنی لە ناوچەی عەرەبی لەساڵی (1799)لە میسر دەرچووە و یەکەم ڕۆژنامەش بەناوی(وەقایعی میسر) لەساڵی(1828)دەرچووە.
لەساڵی(2000)بڕیاری دروستکردنی ناوچەی ئازاد(منگقە حرە) درا کە تەرخانکراوە بۆ چالاکی بەرهەم هێنانی هونەری و ڕاگەیاندن.
ئەم ناوچە ئازادەی ڕاگەیاندن، بە گەورەترین شوێنی ڕاگەیاندن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت و بووەتە بارەگای سەرەکی کۆمپانیاکانی ئا سمانی جیهانی و وای لە میسر کردووە ببێتە وڵاتێکی سەرنج ڕاکێش بۆ وەبەرهێنانی ڕاگەیاندن بە پەخش و بەرهەم هێنانەوە.

نایل سات(101) نایل سات (102)
دەسەڵاتی میسری لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتایەکان خولیای خاوەنداریێتی مانگی دەستکرد بوون و هەوڵی جدیان لەم بوارە داوە، بەرهەمی ئەم هەوڵ و کۆششانەش بووە ڕاستی و لەساڵی 1998 میسر بووە خاوەنی (نایل سات101)ولەساڵی(2000)یش(نایل سات 102)کەوتە خزمەت و تا کۆتایی ساڵی(2005)نزیکەی(300)کەناڵی ئا سمانی و(1000)وێستگەی ڕادیۆ لەسەر هەردوو مانگی دەستکردی(نایل سات)پەخش دەکەن.
هەر لەشوێنی ڕاگەیاندن لە میسر، لەساڵی(2002)شاری بەرهەم هێنانی ڕاگەیاندن کەوتەکار کە بە (هۆلیوودی ڕۆژهەڵات) ناوزەد دەکرێت و (29)ستۆدیۆی وێنەگرتن و شوێنی وێنەگرتنی کراوە و شوێنی لادێیی و فیرعەونی و ئیسلامی و کۆچەری و دارستانی و قەراغی لەخۆدەگرێت و هەموو جۆرە شوێنێک بۆ وێنەگرتن لەم شارە ئامادەکراوە و سوودی لێوەردەگیرێت.
هەر لەبواری چاپەمەنی، ساڵانە(2)دوو ملیۆن چاپەمەنی و مادەی ڕاگەیاندن لەم شوێنە بەچاپ دەگەیەنرێت.
ڕووبەری شاری بەرهەم هێنان (3)ملیۆن مەتری دووجایە(1200 دۆنەم).

شاری ڕاگەیاندن لە دوبەی
ئەم شارە لەساڵی(2001)دامەزراوە و (928)دەزگای ڕاگەیاندن لەم شارە کاردەکەن و(40)کەناڵی ئاسمانی لەخۆدەگرێت.
ئەم شوێنە پێکهاتووە لەشاری دوبەی بۆ ئەنتەرنێت و شاری دوبەی بۆ ڕاگەیاندن.
ڕووبەری گشتی ئەم ناوچەیە(400)هکتارە و سێیەکی ئەم ڕووبەرە شاری ڕاگەیاندنی لەسەر دروست کراوە و ڕووبەری بینا پتر لە دووملیۆن مەتری چوارگۆشە دەبێت.
ئەم ناوچەیە هەر لە دامەزراندنیەوە تاوەکو ئێستا بە چەند قۆناغێک دروستکراوە و شوێنی تایبەتی



راگەیاندن و بەرهەم هێنانی هونەری و ستۆدیۆ و شاری وەرزش و پارێزراوی سروشتی و دەریاچە و دەزگای بلاوکردنەوە و چاپەمەنی و هوتێل و سوپەرمارکێت و شوێنی حەوانەوە و رابواردن و جێگای تۆمارکردن و نمایش کردنی فلیم لەخۆدەگرێت.

گرنگی ئەم ناوچە ئازادە لەوەدایە کە پرۆژەی عەقاری و بازرگانی و راگەیاندنە و بەدەیان دەزگای راگەیاندن و سەرمایەدار و وەبەرهێنەری بۆخۆی راکێشاوە، هەر بۆ نموونە لەساڵی(2004)داواکاریان لە لایەن (114)کەناڵی ئا سمانی پێگەیشتووە تاوەکو بارەگایان بگوازنەوە شاری راگەیاندنی دوبەی.

## شاری راگەیاندن لە کوردستان

ئەو شۆرشە گەورەیەی تەکنەلۆژیای گەیاندن لەهەموو بوارەکاندا بەرپاکردووە، دروستکردنی شاری راگەیاندن لە ولاتاندا بووەتە ئەرکێکی پێویست، هەرلەم پێوەندیەدا وابریار دراوەلە کوردستانیش پرۆژەی(شاری هەولێر بۆ راگەیاندن) دروست بکرێت و دەکرێتەناوچەیەکی ئازاد و دەکەوێتە بەرباری یاساکانی (ناوچەکانی ئازاد)کە لە جیهاندا کاری پێدەکرێت.

بەپێی پلانێکی دارێژراو وابریارە ئەم شارە لە قۆناغی یەکەم لەسەر رووبەری (100)دۆنەم زەوی دروست بکرێت و ژمارەیەک باڵەخانە لەسەر(50)دۆنەم بۆ نووسینگە و بارەگای کەناڵە ئا سمانیەکان و کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی تەلەفزیۆنی و سینەمایی دروست دەکرێت، هەروەها (5)دۆنەم بۆ دروستکردنی چوار ستۆدیۆ بەهەموو پاشکۆکانیەوە دروست دەکرێت، هەروەها دەریاچە و پارک و شوێنی حەوانەوە و رابواردن و تۆمارکردنی فلیم لە دەرەوەی ستۆدیۆ و کۆمەڵگای بازرگانی و شەش سینەماو هوتێلی پێنج ئەستێرە کە هۆڵەکەی جێگای(5000)پێنج هەزار کەسی لێدەبێتەوە ، لەخۆدەگرێت.

بەپێی بەرنامەی دارێژراو بریار وایە سالانە فیستڤاڵی سینەمایی لەم شارە ئەنجام بدرێت.

گومان لەوەدانیە دروستکردنی (شاری هەولێر بۆ راگەیاندن)دەبێتە یەکێک لە شاکارە هەرە گرنگەکانی کوردستان و دەبێتە مایەی راکێشانی دەیان کەناڵی جیهانی و عەرەبی و عێراقی بۆ گواستنەوەی بارەگایان وەیا کردنەوەی لقی کەناڵەکانیان لە کوردستان هەروەها بەدەیان کۆمپانیای عێراقی و عەرەبی و جیهانی سەرمایەیان لە کوردستان وەبەر دەهێنن ودەبێتە پاڵپشتێکی باشی ژێرخانی ئابووری کوردستان.




ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردن بێت، پێویستە ئەم شاکارە پانۆرامایەکی بەرفراوان لەسەر کورد و مێژووی کورد و قۆناغەکانی گەشەکردنی بەهەموو وردەکاریەکانیەوە لەخۆبگرێت تاوەک مادەیەکی ئەکادیمی زانستی سوودی لێوەربگیرێت، هەروەها پێویستە پێگەی ئەم شارە لەسەر تۆری ئەنتەرنێت دابندرێت و بکرێتە بەش و پشک و بەڵگەنامەکانی لەسەر تۆماربکرێت و بەشەکانی نوسین و وێنە و ڤیدیۆی تێدابێت تاوەکو لە هەموو سوچێکی دونیا خەڵک لە رێگای ئەم(شارە)کورد و دۆزی کورد بناسێت.

هەر بۆ نموونە، تا مانگی هەشتی ساڵی 2005 / (391,523,200)کەس سەردانی پێگەی ناوچەی راگەیاندنی میسری کردووە.

ئەمرۆ ڤیدیۆ کۆنفراس بووەتە بەشێکی زۆر گرنگی بواری راگەیاندن بۆیە پێویستە ئەم بەشە لە شاری راگەیاندنی هەولێر زۆر کارابێت و بە سەنتەرەکانی گرنگ لە جیهاندا وەکو لەندەن و واشنتۆن و پاریس و بەرلین و قاهیرە و دوبەی ببەسترێتەوە.

سەرچاوە :

پەرتووکی (الهیئە العامە للاستعلامات ـ بوابتک الی مصر)

مدینە دبی للاعلام ... کیف تحولت الی حلم الاعلامیین ؟

مشروع مدینە أربیل للاعلام

ئەم بابەتە لە ژمارە(410،409)ی گۆڤاری هەرێمی کوردستان بلاو کراوەتەوە.